www.kurddistannet.org

# پێشەکییەکی درێژ
# بۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت

**حەمەسەعید حەسەن**
**(سوید)**

پێشتر چەند جارێک لەسەر چیرۆکی کوردیم نووسیوە، (۱) نایشارمەوە ئەوسا لەبەر ئەوەی پێویستم بە هەر سەرچاوەیەک بوو بێت، بە ئاسانی بەدەستمەوە هاتووە، بۆیە کارەکە ئاسانتر کەوتۆتەوە، بەڵام ئێستا لەم دوورە دەستییە، کە دەستگیر کردنی سەرچاوەیەکی پێویست ئاسان نییە، بەم پێیە نووسین لەسەر هەر بابەتێ کارێکی دژوارە.

لە هاوینیساڵی (١٩٨٤)دا کە ژمارە (٨)ی گۆڤاری «نووسەری کوردستان»ی تایبەت بە چیرۆکی کوردی بڵاوکرایەوە، یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەو ژمارەیە «هەڵاتن»ی (فازیل کەریم ئەحمەد) بوو، ئەو کاتە یەکەمین جارم بوو، بە دیداری بەرهەمی ئەو نووسەرە شاد ببم، کە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بوومەوە، هەستم کرد بەرەو رووی نووسەرێکی بەتوانا بوومەتەوە، چیرۆکی هەڵاتن بەجۆرێک سەرنجی راکێشام، لەلای خۆمەوە گەیشتمە ئەو سەرەنجامەی، کە ئەگەرچی ژمارەی چیرۆکنووسە بەتواناکانی کورد پەنجەکانی دوو دەست تەواو ناکات، بەڵام یەکێکیان (فازیل کەریم ئەحمەد)ە، لای هەندێک ئەدیب و ئەدەب دۆستیش ئەم سەرنجەم دەربڕی و تەنانەت بیرم لەوەش کردەوە، نووسینێک لەسەر هەڵاتن و چیرۆکەکەی (محەمەد موکری) کە لە هەمان ژمارەدا بوو، بنووسم، ئەو کاتە لەبەر کۆمەڵێ هۆ کە ئێستا بە پێویستی نازانم روونی بکەمەوە، پرۆژەی ئەو نووسینە لە سنووری بیرکردنەوە تێپەڕی نەکرد. ئێستا کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی (فازیل کەریم ئەحمەد)م لەبەر دەست دایە، هەر بەو عەشقە دێرینەی «هەڵاتن»ەوە بەرەو پیری دەچم.

بە دەگمەن رێ دەکەوێ خوێنەر ئاشنایەتیی پێشووتری لەگەڵ بەرهەمی نووسەرێکدا نەبووبێت و هەر لە یەکەمین دیدارەوە نووسەرەکە پەسەند بکات، بە تایبەتی ئەگەر ئەو نووسەرە گومناویش بێت، فازیل ئەگەرچی تا ساڵی (١٩٨٤) لە گۆڕەپانی چیرۆکی کوردیدا خاوەنی جێ پێی خۆی نەبوو، ئەگەرچی وەک چیرۆکنووسێک نەناسرابوو، بەڵام «هەڵاتن» لەو جۆرە بەرهەمانە بوو، خوێنەر ناچار بێت دەستی رێزی بۆ بەسنگەوە بگرێ. لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئەوە هاتووە، کە دارە ئەفسوووناوییەکەی (میداس) بەر هەر شتێک کەوتبێت، بووە بە زێڕ، قەڵەمی چیرۆکنووسی بەتوانایش هەر لەو دارە دەچێت. بابەتی چیرۆکی هەڵاتن بریتییە لەوەی رێبوارو کاڵێ یەکتریان خۆش دەوێ، بەڵام بۆ یەکتر نابن و رێبوار، کاڵێ هەڵدەگرێت.

ئەوانەی شەیدای جیهانی چیرۆکی کوردی بن، دەزانن گەلێک جار لە دەرگای ئەم بابەتە دراوە. یەکێک لەو نووسەرانەی سەرکەوتووانە بابەتی رەدووکەوتنی خستۆتە چوارچێوەی چیرۆکەوە، پێش فازیل کەریم ئەحمەد، د.مارف خەزنەدار بووە، یەکێک لەلایەنە بەهێزەکانی چیرۆکەکەی د.مارف خەزنەدار ئەوەیە، پاش تێپەڕ بوونی پاڵەوانەکانی بە بارودۆخێکی لە باردا، گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا دێت، بارودۆخێکی وا کە ئەو پاڵەوانانە لە کەسانی کۆنەپەرست و خۆپەرستەوە، دەکاتە خەڵکانی هۆشیارو شۆڕشگێڕ، واتا نیشاندانی واقیع لە گۆڕاندا کە ئەمە سیمای سەرەکیی ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیستە.

لە(هەڵاتن)دا رێبوار سەرەتا پێشمەرگەیەکی چالاک و جەربەزە بووە، بەڵام پێشتر لەگەڵ (کاڵێ)دا دڵدارو دڵبەر بوون، کاڵێ ژن بە ژنی پێدەکرێ و خۆشەویستی و ویستی پێشێل دەکرێ، رێبواریش پاش چەند ساڵێک خەباتی چەکدارانە، چەک دادەنێت و کاڵێ هەڵدەگرێ. هاوسەنگەرەکانی خۆی دەستگیریان دەکەنەوەو گوللە بارانیان دەکەن.

هەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتی لە هەر قۆناغێکدا بێت، رەوشت و نەریت و رۆشنبیریی چینە سەروەرەکەی بەسەردا زاڵە، ژن بە ژن دیاردەیەکە زادەی قۆناغی فیودالیەو رەنگدانەوەی

www.kurddistannet.org

ڕەوشت و بیری دەرەبەگە، ڕەدووکەوتنیش لە ئەنجامی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نارەوایەدا دێتە کایەوە. چارەسەرکردنی ڕەدووکەوتن بەشێوازی دەرەبەگەکان ئابڕوو کڕینەوەیە بە خوێن، یان مەسلەحەت، ڕێککەوتنە بە پارە، بە ژن، کە ئەم دیاردەیە زادەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بێت و چارەسەری دەرەبەگانە بۆ کێشەکە بەو جۆرە بێت، ئاخۆ دەگونجێت چارەسەری چینێکی شۆڕشگێڕتر هەر بە هەمان شێوە بێت؟ لێرەدا دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت، کۆمەڵگەیەک کە لە قۆناغێکەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتوو ترەوە، بیرو ڕەوشتی قۆناغەکەی پێشوو، بۆ ماوەیەک، کە دەشێت درێژە بکێشێت لە قۆناغی دووەمیشدا ڕەگوڕیشەی هەردەمێنێ.

برای کچە ڕەدووکەوتووەکەی چیرۆکەکەی د.مارف خەزنەدار، کە بۆ تۆڵە سەندنەوە ڕوو دەکاتە شار، دەبێتە کرێکارو لە شانەیەکی حزبیدا، خۆی لەگەڵ- زاوا- کەیدا دەبینێتەوە، لەو ماوەیەدا، نەک هەر جێ پێی چینایەتی گۆڕاوەو لە جووتیارەوە بووە بە کرێکار، بەڵکو وەک فیکر، ئەوەندە گەشەی کردووەو، وەک ڕەوشت، کە ئاوێنەی فیکرە، ئەوەندە بەرەو پێشەوە چووە، دەست دەکاتە ملی زاواکەی و نەفرەت لە ڕەوشتی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی دەکا. ئەمەی (د.مارف خەزنەدار) لە پەنجاکاندا نوقڵانەی بۆ لێداوە، لە کۆتایی حەفتاکانداو لەناو- شۆڕش-یشدا نەهاتۆتە دی. ئەمە ئەو کارەساتەیە کە (فازیل کەریم ئەحمەد) سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشاوە.

بابەتەکەی (د.مارف خەزنەدار) بەرهەمی خەیاڵی بەپێزی خۆیەتی و باس لە جیهانێک دەکات کە دەیەوێ بێتە دی، بەڵام ڕووداوی چیرۆکەکەی (فازیل کەریم ئەحمەد) لە قەرەداخ ڕووی داوە، کاتێک ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە چیرۆکێکدا ڕەنگ دەداتەوە، پێویستە چیرۆکنووس ئاگاداری ئەوە بێت، کە ئەو مێژوونووس نییە تا ڕووداوەکە وەک خۆی بگێڕێتەوەو بە موو لێی لا نەدات، ئەمە وەنەبێت ئەوە بگەیەنێت کە چیرۆکنووس دەتوانێت بەپێی ویستی خۆی ڕووداوەکە بشێوێنێت و سەرەنوێڵک وەک گوڵزارو داڵ وەک هەڵۆ، نیشان بدات. کرۆکی بابەتەکەی هەڵاتن ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام نووسەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو کەم تا زۆر خەیاڵی خۆی تێکەڵ کردووە، ئەمەش جگە لەوەی مافێکی ڕەوای خۆیەتی، لێهاتوویی چیرۆکنووسەکەش نیشان دەدات.

وەک لە «مۆڵەت»دا دەردەکەوێ، خۆشەویستی لای (سارتەر) بۆنی پاشەڕۆکی لێدێت، هەر بۆیەش پاڵەوانە پەککەوتەکانی لە کاتی سەرئاوادا خەریکی گۆڕینەوەی ڕازی خۆشەویستین، یان (سیمۆن دی بۆڤوار) لە «میوان»دا، پاڵەوانەکانی لە هەڵوێستی وادا نیشان دەدات، ئەوی گوێی پێ نەدەن، ڕێساکانی ژیانی هاوبەش و دابونەریت و ڕەوشتە(٢)، بەڵام هەردوو پاڵەوانەکەی هەڵاتن، ڕێبوارو کاڵێ، ڕەفتاریان لە ڕەفتاری پاڵەوانەکانی سارتەرو بۆڤوار جیاوازە، ئەمان قوربانیی بارە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکەن و سەر بۆ بارودۆخی سەخت و نالەبار شۆڕ ناکەن، کاتێک هەموو ئاوات و خولیاکانیان پشت گوێ دەخرێت، ئەوانیش ڕەوشت و نەریتی دەرەبەگایەتی پێشێل دەکەن، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کچ دەتوانێت بەپێی ویست و حەزی خۆی هاوسەر هەڵببژێرێت، مافێک بۆرژواکان بەو هەموو دڕندەیەتییەی خۆیانەوە داکۆکی لێ بکەن، ئاخۆ دەبێت خەڵکانی شۆڕشگێڕی ڕۆمانسی، لەو مەسەلەیەدا لە بۆرژواکان کۆنەپەرستانەتر ڕەفتار بکەن و نەک هەر لایەنی دابونەریت و ڕەوشتی دەرەبەگایەتی بگرن، بەڵکو لەوان شێلگیرانەتر داکۆکی لێ بکەن، سەیرە و سەیریش نییە، کە چەک بەشان لە هۆشیاری بێ بەش بوو، وەک سەربازی شەترەنجی لێ دێت و هەر جێبەجێکردنی لەسەرە، بەڵام بۆ؟ چۆن؟ پرس لە فەرهەنگی ئەودا نییە، ئەو کاتە پێشمەرگە، بێ ئەوەی بیەوێت، لە جەنگاوەرەوە دەبێتە پیاوکوژ، دەبێتە سەربازێکی بێ هەست، دەبێتە ڕۆبۆت! ئەوەتا یەکێک لە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ڕێبوار دەڵێ: «کارەکە سەرووی دەسەڵاتی ئێمەیە، بەداخەوە ناتوانین هیچت بۆ بکەین.»

وەک وتم هەڵاتن زادەی خەیاڵ نییەو منیش وەک زۆر کەسی دی کاتی خۆی ئەو کارەساتە هەژاندمی، بێجگە لەمە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ڕێبوار، دوو عاشقی دیکەیشیان بە هەمان دەرد برد، ئەو دوو عاشقە لە تاو زەبروزەنگی شار هەڵاتبوون و بەرەو ئامێزی گەرموگوڕو پڕ بەزەیی و سۆزی «شۆڕش» هاتبوون، ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی (١٩٨٣)دا لە دۆڵی جافەتی بەرامبەر گوندی چالاوە گوللە باران کران. من کە بینەری ئەم شانۆیە خۆێناوییەیان بووم. هەڵاتن جۆرە کاریگەرییەکی ئەفسووناوی لە ناخمدا بەجێ هێشت، چونکە قامکی تاوانبار کردن بۆ بکوژانی ئەو عاشقانە درێژ دەکات و ئەو کارەساتە بۆ مێژوو تۆمار دەکات. ئەم هەڵوێست وەرگرتنە، ئەم بوێرییە، لەم جیهانە جەنگەڵەدا لای من تاکە پێوانەی ڕاستگۆیی نووسەرەو «لابردنی دەمامکی شۆڕشگێڕانەیە، لەسەر ڕووخساری فاشستانە.» ڕاستە حزب هەندێ جار ناچار دەبێت ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خۆی سزا بدات، بەڵام نابێت وەک دوژمن ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات.(٣).

هونەری پرۆلیتاریا، دەبێت ڕێگای ڕیالیزم بگرێتەبەرو ژیان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە تێیدا ڕەنگ بداتەوە، یەکێک لە کەموکورییەکانی هونەری بۆرژوا زێدەڕۆییە لە جوان نیشاندانی ژیاندا، ڕۆمانی (دایک)ی گۆرکی، لینین، ڕێزی زۆری بۆی هەبووە، بەڵام- وەک ماریا ئەندرێیکا گێڕاوێتییەوە- پێی وابووە هەڵەی زەقی ڕۆمانەکە خاوێن نیشاندانی ڕۆشنبیرانی

www.kurddistannet.org

شۆڕشگێڕ بووە،(٤) نووسەری هەڵاتن ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگیریی تەواوی خۆی بۆ ڕێبوار دەربڕیوە، بەڵام هەر لەو ڕوانگەیەی لینینەوە، نەهاتووە لە هەموو هەڵوێستێکدا وەک سوپەرمان بەتواناو وەک مەسیح بێگەردو بێ تاوانی نیشان بدات، بەڵکو ڕێبوار وەک مرۆڤێکی ئاسایی وێنە دەکێشێ و هەموو مرۆڤێکی ئاسابییش، با بوێرو یاخی و جەربەزەش بێت، بەڵام دەشێت خاوەنی هەڵوێستی لاوازیش بێت و لە کەموکورتی بە دوور نەبێت، کە هاوسەنگەرە دێرینەکەی پێی دەڵێ: «چەن جارمان پێ وتی بەگران لەسەرت ئەکەوێ». ڕێبوار هەست بە لاوازیی دەکاو دەڵێ: «پیاو خۆی پێ دابین ناکرێ».

«لە هەموو دیاردەیەکدا گەوهەر دەردەکەوێ، بەڵام بەشێکی نەک هەمووی».(٥) ئەو ڕەفتارەی بکوژە ڕاستەقینەکانی ڕێبوارو کاڵێ، ئەگەر وەک دیاردەیەک سەرنج بدەین، ئەوا ڕەنگدانەوەی گەوهەریشیانەو شتێکی ساتە وەختی و ڕێکەوتێکی بێ بناغە نییە، ئەگەرچی «ڕێکەوتیش کلیلی پێویستییە.»

هەڵاتن وەک ناوەڕۆک دەوڵەمەندە، وەک تەکنیکیش نووسەر نەهاتووە بەشێوەیەکی کۆن بابەتەکە پێشکەش بکات، کەڵکی لە شێوە تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکی هاوچەرخ وەرگرتووەو بە داهێنانەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون. نووسەر دەزانێت «ڕووخسار پەرستی دەعبایەکە ناوەڕۆک دادەپاچێت،»(٦) بۆیە وەک هاتووە ڕووداوەکەی کەرت کردووەو سوودی لە هونەری سینەما وەرگرتووەو یاری بەکات و شوێن کردووە، ئاگاداری ئەوەش بووە، ناوەڕۆک نەکاتە قوربانی شێوە، کە لە ئێستاوە گەڕاوەتەوە بۆ دواوە- ڕابردوو- زیرەکانە سوودی لەو تەکنیکە وەرگرتووە، نووسەری وریا بێ بۆنەو بێ زەمینە بۆ خۆشکردن، کات لەتوپەت ناکات، بەڵکو بەهۆی دیمەنێکی ئێستاوە، بەسەرهاتێکی ڕابردوو بیر دەخاتەوە، ڕێبوار کە لاقیان بەستۆتەوەو دەمی چەقیوەتە زەوییەکە لەم کاتەدا بیری دەفڕێت، بۆ ئەو کاتەی هێلیکۆپتەرەکان شپرزەیان کردووەو ناچار بووە توند خۆی بە زەوییەکەوە بنووسێنێ، لە ئێستادا کە زمانی بۆتە پەڵاس، ئەو کاتەی بیر دێتەوە کە هێلیکۆپتەرەکان دەستریژیان لێ کردووەو دەمی وشک هەڵگەڕاوە، کە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ئابلووقەی دەدەن و بریندارى دەکەن و گڕ لەو خانووە بەردەدەن کە خۆی تێدا حەشارداوە، ئەوانی وەک پۆلێک داڵ دێتە بەرچاوو داڵەکانی لێ دەبێتەوە بەو هێلیکۆپتەرانەی بریندارىان کرد.

هەڵاتن لەو چیرۆکانە نییە، لەم دەرگایەوە بچیتە ناوییەوەو لەوی دییانەوە ڕێگەی دەرەوە بگریتەبەر، چیرۆکەکە ڕێسای- سەرەتا، گرێ، کۆتایی- ڕەچاو نەکردووەو لە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە دەستی پێ کردووەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر لە چەندین کات و شوێنی جیاوازەوە ڕووناکی خستۆتە سەر بابەتەکە، ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی چیرۆکی نوێ.

پێم وایە چیرۆک دەبێت پشت بە وێنەی شیعری ببەستێت و یەکێک لەو ڕەگەزانەی لە چیرۆکدا بەدوایدا عەودالم، وێنەی شیعرییە، چیرۆکنووسی بەتوانا بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی پەنا دەباتە بەر زمانی شیعر، لێرەدا سەلیقەی نووسەر بەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو زمانە شیعری و وێنە چڕو پڕانە دەداتە پاڵ کام پاڵەوان، کە پاڵەوانێک بە زمانێکی شیعری دێتە گۆ، دەبێت ئەوەی لە باردا بێت و لە قسەی خۆی بچن.

گومانی ناوێ ئەو کاتانەی چیرۆکنووس خۆی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، یان دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە، دەتوانێت بەو زمانەی خۆی دەیەوێ بێتە گۆ، لە (هەڵاتن)دا نووسەر پشتی بە وێنەی شیعری بەستووەو سەرکەوتووانە لێی سوودمەند بووە. «هەتاو تۆپێکی ئاگرین بوو، زمانە دڕکاوییەکەی وەک پەنگر بە برینەکانییەوە ئەچزاند.»

* * *

نووسینی چیرۆکێک لە لایەکەوە واقیعی و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەمزی بێت، نووسینی چیرۆکێک کە لە پاڵ واقیعدا پەنا بۆ سیحرو ئەفسانەو داستان ببات، چیرۆکێک لە کاتێکدا پشتی بە مێژوو بەستبێت، لەهەمان کاتدا باس لە کێشەیەکی زیندووی هاوچەرخیش بکات، نووسینی چیرۆکێکی وا، کارێکی ئەستەمەو لە توانای هەموو نووسەرێکدا نییە،- لە گێژاودا- یەکێکە لەو چیرۆکانەی تەنیا نووسەری کارامەو لێهاتوو دەتوانێ خۆی لەقەرەی بدات. وەنەبێت لە چیرۆکی کوردیدا لەم جۆرە نموونەیە نەبێت، بەڵام گرنگ چیرۆکێکی ڕەمزی، یان ریالیزمی ئەفسووناوی نییە، گرنگ شێوازی مامەڵە کردنە لەگەڵ بابەتەکەدا.

لە چیرۆکی- لە گێژاودا- وەک دیوی دەرەوە، خوێنەر هەست دەکا چیرۆکێکی ڕەمزی دەخوێنێتەوە، لە هەمان کاتداو شان بەشانی ئەو چیرۆکە ڕەمزییە، هەست بە جیهانێکی واقیعیش دەکا، نووسەر دیوارێکی لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا قووت نەکردۆتەوە، بەڵکو کاتێک پەنای بردۆتە بەر ڕەمز، لە ڕاژەی ڕەوتی واقیعییانەی چیرۆکەکەدا بەکاری هێناوە.

گۆرگی دەڵێت: «ڕاستی بە ساکاری و ئاسانی خۆی دەنوێنێت، بەڵام ساختە پێویستی بە ئاڵۆزی هەیە.» (فازیل کەریم ئەحمەد) ئەگەرچی باس لە کێشەیەکی ئاڵۆز دەکات، بەڵام بەساکارییەکی قووڵەوە ڕووناکی خستۆتە سەر هەموو لایەنەکانی.

پاڵەوان (لەگێژاودا) لە پێناوی ئەسپەشێ-دا دەبێتە ڕێبواری کاروانێک کە ڕێگەیەکی سەخت و پڕ هەڵدێری لەبەردایە،

www.kurddistannet.org

کاتێک بە ئەزموونی خۆی دەگاتە ئەوەی کاروانەکە ملی کوێرە ڕێی گرتووەو ئەمیش کە لەبەر ئەسپەشێ شاخ و کێوی گرتۆتەبەر، لەگەڵ پێشەنگی کاروانەکەدا کە سەرگەرمی بازرگانی و قاچاخچێتییە، دانوویان پێکەوە ناکوڵێت و ناچار دەست بەرداری کاروانەکە دەبێت: «کاروانەکەمان لە کەشتییەکی تێکشکاو دەچێ، کە تەوژمی لافاوێکی هێجگار گەورە هەڵی گرتبێ.... کەشتییەوانەکانیش بە دۆش داماوییەوە چاوەڕوانی ئەفسانەیەکن لە ئاسمانەوە بۆیان دابەزێ» ئەگەرچی ئەو کاروانە چاوەڕوانی پەرجوویەک دەکات، بەڵام وەک فەیلەسووفی ڕۆمانی سینیکا وتوویەتی «کاتێک مرۆڤ نەزانێت ئامانجی کام بەندەرە، سوود لە هیچ- با- یەک نابینێ.»

کە پاڵەوانەکە بەم سەرەنجامە دەگات، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە فیکریدا ڕوو دەدات و هەڵوێستێکی نوێ هەڵدەبژێرێت و بە دەستی خاڵی بەرەو گوندەکەی دەگەڕێتەوەو درێژە بە خۆخەڵەتاندن نادات.

خوێنەر کە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە بەرەو ڕووی ئەم واقیعە نالەبارە دەبێتەوە، وای بۆ دەچێت نووسەر نوقمی دەریای نا ئومێدییەوە تەنیا ئاسۆ لێڵ و تەڵخەکان وێنە دەکێشێت، بەڵام کە زیاتر ئاشنای جیهانی چیرۆکەکە دەبێت، تەمی ئەم بۆچوونەی لەبەرچاو بزر دەبێت و گومانی لە ڕاستگۆیی نووسەر نامێنێت. چیرۆکنووس تۆزو خۆڵ ناکاتە چاوی خوێنەرەوەو سەری لێ ناشێوێنێت و کارەساتەکە ئەوەندەی قەوارەی خۆی نیشان دەدات، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسەرانەی ئەدەبەکەیان بۆ ڕاژەی ڕەوتی مێژوو تەرخان کردووە، نووسەری ڕەسەن دیاردە دزێوو ناشیرینەکان، دزێوو ناشیرین، دیاردە گەش و جوانەکانیش گەش و جوان نیشان دەدات و خوێنەر بۆ وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەر هەردوو جەمسەری کێشەکە ڕادەکێشێت. بۆ گۆڕکردنی دیاردە ناشیرینەکان و برەوپێدانی لایەنە گەشەکان، بۆ خاپوور کردنی جیهانی پڕ ساختەو ستەم و بۆ بەشداری کردن لە بنیاتنانی جیهانێکی وادا کە شایستەی مرۆڤ بێت. نووسەر بە وریاییەوە هەردوو ڕۆڵەکەی خۆی دەبینێت، «ڕۆڵی گۆڕ هەڵکەن و ڕۆڵی مامان،» (٧) گۆڕ بۆ لایەنە تاریکەکان هەڵدەکەنێت و هەوڵی لەدایکبوونی لایەنە گەشەکان دەدات.

یەشار کەمال دەڵێت: «بڕوام بەدوو شتە، بەهێزی بێ سنووری دوو شت، بە گۆڕانی بێ سنووری دوو شت، ئەویش گەل و سروشتە،» (فازیل کەریم ئەحمەد)یش لە – لەگێژاودا– هەموو کێشەکانی لەو دوو خانەیەدا کۆکردۆتەوە، ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت، ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. لەلایەک کاروانەکە «لە شەڕێکی بەردەوامی ناهاوتا دایە لەگەڵ سروشتدا،» لەلایەکی دیکەوە پاڵەوانەکەی لە شەڕێکی نا بەرامبەردایە لەگەڵ پێشەنگی کاروانەکە، بەڵام ئەم دوو بواری ململانێیە لێک دابڕاونین و لەیەک بۆتەدا تواونەتەوە. نووسەر دەیەوێت باس لەوە بکات کە «مرۆڤ لەسەرەتای ڕێگەیەکی ڕاستدا بێت، چاکترە لەوەی نیوەی ڕێگەیەکی چەوتی بڕی بێت.» ئەمەش لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی دەردەبڕێت. «هیچ نەبێ ئەوە لە خەڵکی کوێستان فێر نەبووین کە پیاو کاتێک بە لاپاڵێکی بەستوودا ئەڕوا، تا جێ پێیەکی بە تەواوی نەکاتەوە ئەو پێکەی تری دانانێ.» بەڵام پێشەنگی کاروانەکە تەواو بەپێچەوانەوە بیر دەکاتەوەو میکاڤیللییانە سەرنجی مەسەلەکان دەدات و پێی وایە گرنگ گەیشتنە بە ئامانج بەههر ڕێگەیەک بێت: «بەکام ڕێگادا بڕۆین گرنگ نییە، هاتنە دیی ئاواتەکانمان گرنگە.» پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕەت دەکاتەوەو هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش لەبەردەمی کاروانەکەدا نابینێت و هەست دەکا ساختەی لێکراوەو لەگەڵ ئەم کاروانەدا هەرگیز ئەسپەشێ دەستگیر ناکات، هەر بۆیەش فێڵ لە فیکری خۆی ناکات و لە کاروانەکە جوێ دەبێتەوە. کە لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بوومەوە ئەو کاروانەم بیرکەوتەوە، کە لە کۆتایی حەفتاکاندا بەرەو هەکاری کەوتە ڕێ و بە ئەنجامێکی کارەساتاوی گەیشت: «پیاو لەبەردەم شالاوی برسێتی و سەرماو سۆڵەو نەشارەزاییدا لە مریشک و جووچک بێ دەسەڵاتترە.»

ڕووبەڕوو بوونەوەی پاڵەوانەکان (لەگێژاودا) لەگەڵ بەفرو کڕێوەو سەرماو سۆڵەدا، جیهانی کورتە چیرۆکەکانی جاک لەندەن بیری خوێنەر دەخاتەوەو وای بۆ دەچێت کەم نەک زۆر جێ پەنجەی کۆمەڵە چیرۆکی «لە ژێر ئاسمانی شەختەدا»ی (جاک لەندەن)ی پێوە دیار بێت، هەروەها چیرۆکەکە لە کاریگەرێتیی ڕۆمانی «ئەفسانەی چیای ئاگری» یەشار کەمال بە دوور نییە، لە (چیای ئاگری)دا هەوێنی هەموو کێشەکان ئەسپێکە، لەم چیرۆکەشدا، پاڵەوانەکە بۆ سۆراخی ئەسپەشێ ڕێگای شاخ دەگرێتە بەر، ئەسپەکەش چ لای یەشار کەمال و چ لای فازیل کەریم ئەحمەد، ئەسپێکی ئەفسووناوییە، نەک ئاسایی و ڕەمزە بۆ مەسەلەیەکی مەزن، لە هەردوو کارەکەدا، یەکێک لە پاڵەوانەکان «پیری کاروان»ە و لە هەردوو بەرهەمەکەشدا ڕەمزە بۆ مێژوو. «ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە تیۆری ئەدەبدا نییە، پێیان وایە هەر کە جێ پەنجەی نووسەرێکی بێگانەیان بە بەرهەمی نووسەرێکی خۆ وڵاتییەوە بینی، ئیتر نووسەری دووەم دەستپاک نییەو بەرهەمەکانی جێگەی گومانن، یان لە چاکترین حاڵەتدا ئەم کاریگەرێتییە بۆ نووسەری دووەم بە خاڵێکی لاواز تۆمار دەکەن، بەڵام ئەوانەی شارەزای ئەلف و بێی تیۆری ئەدەب بن، ئەم کاریگەرێتییە لە خانەی ئەدەبی بەراوردکاریدا جێ

www.kurddistannet.org

دەکەنەوەو بە رەنگدانەوەی ئاستی بڵندی رۆشنبیری و خۆ ماندووکردنی نووسەری دووەمی تێدەگەن» ، بە مەرجێک وەک (فازیل کەریم ئەحمەد) ئەگەرچی سوودی لە (جاک لەندەن و یەشار کەمال) وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی ئەوان وتوویانە، دووبارەی نەکردۆتەوەو وێنەی دووەمی هیچ کامیان نییە، بەڵکو بە ئاوی بیری ئەوان تۆوی بیری خۆی پێگەیاندووەو لە یەکێک لە کەرەسەکانی ئەوان تەلارێکی تایبەت بەخۆی بڵند کردۆتەوە، ئەمەش نەک هەر کەموکوڕی نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی وریایی نووسەرە. وەک چۆن نووسەرێک ئەگەر ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بێت و سوود لە ئەزموونە بە پیت و دەوڵەمەندەکانی گەلان وەربگرێت، بە خاڵێکی گەش بۆی تۆمار دەکرێت، هەروەها ئەگەر وێنەی دووەمی نووسەرێکی سەر بە نەتەوەکەی خۆی، یان هەر نەتەوەیەکیی دی بێت، ئەمەیان نەک هەر خاڵێکی گەش نییە، بەڵکو ئەو نووسەرە رۆڵی تووتی دەبینێت و هیچی دی، راستە (یەشار کەمال) کوردەو بەشێکی گرنگیش لە بەرهەمەکانی کراونەتە کوردی و کەم تا زۆر رەنگدانەوەی خواست و ئازاری نەتەوەی کوردن، بەڵام هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بە زمانی هەر نەتەوەیەک بنووسرێت، بە موڵکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێت. ئەمە بە چاوپۆشین لەوەی هەندێک لە توندڕەوانی کورد بەرهەمەکانی (یەشار کەمال) بە موڵکی گەلی کورد لە قەڵەم دەدەن، یان هەندێک لە توندڕەوانی دی کە پێناسنامەی - کوردستانی بوونی - لێ وەردەگرنەوە، چونکە بە کوردی نانووسێت(٨).

بڵند حەیدەری، محیەدین زەنگنە کوردن، بەڵام چونکە بە عەرەبی دەنووسن، بەرهەمەکانیان حیسابی ئەدەبی عەرەبیان بۆ دەکرێت.

(فازیل کەریم ئەحمەد) لەم چیرۆکەیدا رەمزەکانی لەجێی شیاوی خۆیاندا بەکارهێناوە، بەڵام وای بۆ دەچم کاتێ داڵ و هەڵۆی لەیەک سەنگەردا کۆکردۆتەوە، نیشانەی نەپێکاوە: «ئای ئەسپەشێ ئێستا لەکوێی؟... وەرەوە با رەشەبا لوولت نەداو داڵ و هەڵۆ نەبنە میوانت.» ، چونکە هەرچی رەفتاری ناشیرینە دەدرێتە پاڵ داڵ، کە شەیدای سەرەنوێڵک و تامەزرۆی لاکی ئاژەڵی مردارەوە بووە، بەڵام هەڵۆ باڵدارێکی ئازاو جەربەزەیەو دۆستی بەفرو دوندو تاوێرەو ئەوەی خۆی راوی نەکات نایخوات و رەمزیشە بۆ یاخیبوون و سەربڵندی و تا دەمرێت گەردنی کەچ ناکات.

پێم وایە یەکێک لە ئەرکەکانی رەخنەگر، بنیاتنانی پردە لە نێوان نووسەرو خوێنەردا، لەم روانگەیەوە رەخنەگر دەبێت رووناکی بخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە نووسەر هەندێک جار بۆ خۆپاراستن لە راستەوخۆیی و دروشم بازی بە تەمومژ ئابلووقەیان دەدات. چیرۆکی «ئەمڕۆ زەماوەند ئەگێڕن» رەنگدانەوەی تێڕوانینی نووسەرەکەیەتی کە باسی شتێکی تایبەتی کردووە، رەگەزەکانی - گشت -ی کەم تا زۆر خستۆتەڕوو.

چیرۆکنووس دوای سەرەتایەکی هونەرمەندانە، کە تەرخانە بۆ وەسفێکی شاعیرانەی قەندیل، سەرنجی خوێنەر بۆ نەخۆشخانەکەی بنکەی (پشت ئاشان) رادەکێشێت، لەو نەخۆشخانەیەدا لەمیس و قەیس کە کچ و کوڕێکی عەرەبن و لەتاو تیرۆری رژێم تازە هەڵاتوون، ئێشکی بریندارەکان دەگرن. پێشتر بەهیوا بوون لە شار زەماوەند بگێڕن، بەڵام بۆ خۆڕزگارکردن لەدەستی خوێناوی جەللادەکانی رژێم ناچاربوون، روو بکەنە شاخ و بڕیاریان وایە لە سایەی ئازادیدا بە یەکدی شادبن، کەچی لەناکاو بەر شالاوێکی دیکە دەکەون و پەلاماردەران دەیانەوێ دوای بریندارەکان (قەیس)یش بکوژن، لەمیس خۆی دەکاتە قەڵغانی و هەوڵی دەربازکردنی دەدات، بەڵام (شێرۆ) بەزەیی و سۆزو خۆشەویستی و مرۆڤایەتی نافامێ و بێ باکانە هەردووکیان گوللەباران دەکات.

ئەگەر ئەو چوار گوللەیەی (مۆرسۆ)ی پاڵەوانی (نامۆ)ی کامو، «لێدانێکی بەپەلە بوو بێت لە دەرگای مەینەتی،» بۆ مۆرسۆ یان بۆ بە نارەوا کوژراوەکە، ئەوا ئەو دەستڕێژەی شێرۆ لە (قەیس و لەمیس)ی دەکات، خستنە سەر گازەرای پشتی دەروازەی نائومێدییە بە رووی دوو گەلی چەوساوەی ژێر چەپۆکی ستەم، بەڵام وەک (فازیل کەریم ئەحمەد) بۆی چووە رۆژێ دادێت کانیاوی خوێناوی دەیان بە نارەوا کوژراوی وەک (قەیس و لەمیس)، چەشنی پەپوولەی باڵ نەخشین بەرەو ئاسۆیەکی ئەرخەوانی زۆر دوور و زۆر گەش هەڵبفڕن.

مۆرسۆ «کام کارەساتەی هەوێنی هەژاندنە، تۆزقاڵێک نای بزوێنێت،»(٩) شێرۆی لای (فازیل کەریم ئەحمەد)یش ئەوەندە تووڕەو کەللەشەقە - روخساری لە دەمە تەورێک دەچێت لە دەسکەکەی دەرپەڕی بێت -و کە قەیس و لەمیس دەبینێت باسکیان لە ئەستۆی یەکدی ئاڵاندووە، بێ سڵەمینەوە دەستڕێژیان لێ دەکات و شاییەکەیان لێ دەکاتە زەماوەندێکی خوێناویی راستەقینە.

وەک چۆن لە چیرۆکی «لە گێژاودا» پاڵەوانەکە دەستبەرداری کاروانەکە دەبێت، لەم چیرۆکەشدا «مەلا هێدی» کە یەکێکە لە هاوسەنگەرەکانی شێرۆ، کاتێک بە چاوی خۆی رەفتاری درندانە دەبینێت، ئەو شانۆبە خوێناوییە بەجێ دەهێڵێت و چیدی قایل نابێت یاسای جەنگەڵ جێبەجێ بکات. ئێنگڵس دەڵێ: «هەموو مێژوو تەنیا گۆڕانکاریی بەردەوامە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا، هەر بۆیەش سروشتی مرۆڤایەتی ئەم قۆناغ جیاوازە لە قۆناغێکی دی.»(١٠) دەشێت (مەلا هێدی)یش لە قۆناغێکی ژیانیدا بەو زورنایەی تا ئێستاش شێرۆی پێ

www.kurddistannet.org

هەڵدەپەرێت، هەڵپەری بێت، بەڵام گۆران بەردەوامە، (فازیل کەریم ئەحمەد)یش لەم دیدەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی چیرۆکەکەیدا دەکات و لە گۆڕاندا نیگاریان دەکێشێت.

یەکێک لە ئەرکەکانی ئایدیۆلۆژیا- ئەدەبیش رەنگدانەوەی هونەریی ئایدیۆلۆژیایە- پێشبینی کردنە، پۆل لاڤارگ سەبارەت هەڵسەنگاندنەکەی مارکس لەسەر بەلزاک دەڵێت: «بەلزاک تەنیا مێژوونووسی کۆمەڵەکەی سەردەمی خۆی نەبوو، بەڵکو خوڵقێنەری جۆرە کەسانێکی وا بوو کە خۆی پێشبینی کردبوون و لەسەردەمی لویس فیلیپ-دا خونچە بوون و دوای کۆچی دوایی خۆی لەسەردەمی ناپلیۆنی سێیەمدا گەشانەوە». لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئافرەتێکی وەک دایکەکەی گۆرگی لە رووسیادا نەبووە، ئەو دایکە گۆرگی خوڵقاندوویەتی، پێشبینییەکی زیرەکانەی خۆیەتی، لە هێرشەکەی سەر پشت ئاشانیشدا، ئەگەرچی کەسانێکی زۆر لە ناخەوە هەستیان بە شەرمەزاری کردووە، بەڵام کەسێک نەبووە وەک مەلا هێدی رەفتار بکات؛ کەچی دوای ئەو کارەساتە بە یەک دوو ساڵ زۆر کەس هەڵوێستی (مەلا هێدی)یان وەرگرت، ئەمەیش بینینی واقیعە لە گۆڕاندا، ئەمەش نوقلانە لێدانی هۆشیارانەیە، ئەمەش ئەرکی سەرەکی نووسەرە، کە وەک ژنە شاعیری گورجستانی مزیا گۆری دەڵێت: «نووسەر نابێت خەو بە مرۆڤی نوێوە ببینێ، بەڵکو دەبێت بیخوڵقێنێت.»

ئافرەت لەم چیرۆکەدا رۆڵێکی ئیجابی دەبینێت، لەمیس ئامادە نییە قەیسی دڵداری بە بەر چاوییەوە بکوژرێت، وەک چۆن ژیانی لەگەڵدا هەڵبژاردووە، بۆ مەرگیش لێی جیا نابێتەوەو پڕ بە گەرووی بە رووی جەللادەکاندا هاوار دەکات: «ئەبێ منیش لەگەڵیا بکوژن»، ئەمەیە ئەو رۆڵەی پێویستە ئافرەت بیبینێت، وەک عەبدوڵڵا پەشێو لە هۆنراوەی «لەگەڵمابە»دا خەوی پێوە بینیوە، نەک تەنیا مرواریی فرمێسک هەڵبوەرێنێت، وەک «هەڵۆ بەگ» لە هاوسەرەکەی داوا کردووە:

**ئەگەر خوای گەورە پێی بەخشیت هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە**
**لەمن- فرمێسکی- ویست باوکت لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە.**
**«گۆران»**

«یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر، بەخشینی خۆشی و چێژ و لەززەتە بە مرۆڤ، بەڵام پێویستە ئەو لەززەتە، لەززەتێک بێت خەڵکی فێری ئەوە بکات جوانییان خۆش بوێت و لە پێناویدا خەبات بکەن.» (١١) ئەبیقۆر هەموو ژیان لە لەززەتدا خەست دەکاتەوەو پێی وایە سەراپای ژیان گەرانە بە دوای لەززەتدا، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و رەوف بێگەرد و مەحەمەد موکری، پێ بزانن یان نەء زۆر جار لە ژێر چادری فەلسەفەکەی ئەبیقۆردا خۆیان دەبیننەوە، نزار قەبانیش لە روانگەی ئەبیقۆرەوە سەرنجی ئافرەت دەدات، فازیل لە «هەڵاتن»و لە «ئەمرۆ زەماوەند ئەگێڕن»دا، باس لە دڵداری و زەماوەند دەکات و رازو نیازی نێوان دڵداران دەدرکێنێت، بەڵام بەبێ دابڕان لە کێشە سەرەکییەکەی سەردەم، کێشەی نێوان ستەمکاران و ستەمدیدەکان، باس لە نیشتمانێک دەکات مەحموود دەرویش وتەنی: دڵدارەکان تێیدا لە خاچ دەدرێن.

**أری مدنا**
**تعلق عاشقيها فوق اغصان الحديد*- قصيدة بيروت -**

فازیل داوا لە خوێنەر دەکات، بۆ بنیاتنانی جیهانێک خەبات بکات، تێیدا دڵدار بە دڵخوازی خۆی بگات و - فەرشی ژێر پێی ئاوریشمی گوڵاڵە سوورە بێت- (١٢) نەک لە خوێناوی خۆیدا شەڵاڵ بکرێت.

هەموو ئەنجامێک هۆی هەیە، بەڵام هۆ شتێکەو بیانوو شتێکی دی، ئەگەر شازادە نەمساییەکەش نەکوژرایە، بەهۆی ئەو بوحرانە مەزنەوە کە سەرمایەداریی جیهانی تووشی هاتبوو، جەنگی جیهانی یەکەم هەر بەرپا دەبوو، بەڵام بیانووی هەڵگیرسانی جەنگەکە، خوێنی شازادەکە بوو.

- ملکەچکردن هەر یەکەمین جاری ئەستەمە، ئیتر دەبێتە شتێکی ئاسایی- نووسەریش دەبێت بێ دەنگ نەبێت، مل نەوی نەکات، پێویستە لە مەسەلە گرنگەکاندا هەڵوێست بنوێنێ، هەڵوێستی دیپلۆماسییانەو بە پێچ و پەنا، نا، هەڵوێستی کار بڕ. نووسەریش دەبێت وەڵامی پرسە سەرەکییەکانی سەردەم بداتەوە. وەڵامی ئاڵۆز و تەمومژاوی، نا، وەڵامی راست و رەوان، روون و ئاشکرا. «ئەمرۆ زەماوەند ئەگێڕن» هەڵوێستی نووسەرەکەیەتی سەبارەت ئەو پەلامارە، مارکس دەڵێت: «نووسەری بۆرژوا، بۆیە دەنووسێت پێی بژی، بەڵام نووسەری شۆڕشگێڕ دەشێت نووسینەکانی بە کوشتی بدەن». «ئەمرۆ زەماوەند ئەگێڕن» زللەیەکی توندە جەللاد رادەچڵەکێنێت، دەست و پەنجەیەکی بە ئاگایە گوێی سەرچڵ بادەدات، نووسینێکە خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێت بە پێی یاسای دارستان نووسەرەکەی بە کوشت بدات.

یەکێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە (مام کاوێس)ە کە پێشمەرگەیەکی دلێرەو شەوی هێرشەکە بریندارەو لە نەخۆشخانەکەدا کەوتووەو وەک بریندارەکانی دی دەکوژرێت، بەسەرهاتی مام کاوێس و خێزانەکەی کە لەسەر ئەم سێ ساڵ لە زینداندا بوون، چیرۆکێکی دیکەیە لەناو چیرۆکەکەدا، بەڵام دوور کەوتنەوە نییە لە بابەتە سەرەکییەکە، بەڵکو لە راژەی بەرەو لوتکە بردنی گیانی دراماى چیرۆکەکەدایە.

دۆستۆیڤسکی لە (بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان)دا دەڵێت: «مرۆڤ ئەو زیندەوەرەیە کە لە هەموو بارودۆخێکدا هەڵدەکات.» (فازیل)یش بڕوای بە توانای بێ سنووری مرۆڤ

www.kurddistannet.org

پتەوە «مرۆڤ گەر کۆڵ نەدات، هێدی هێدی ئەتوانێ لەگەڵ سەختترین هەلومەرجی ئەم ژیانەدا خۆی رابهێنێ.»

«گوندی پشت ئاشان سوێسکێکی بریندارەو خۆی لە کۆشی گەرمی قەندیل قایم کردووە.» رۆسکین دەڵێت: «خۆر ئاوابوون لە ئینگلستان دوای ئەوەی تیرنەر وێنەی کێشا، گەلێک جوانتر و دڵگیرتر دەهاتە بەرچاو.» گوندی پشت ئاشان و دوندی قەندیل-یش دوای چیرۆکی - ئەمڕۆ.... - جوانتر و بڵندتر دێنە بەرچاوی خوێنەر.

* * *

«سەردانی سەرۆک» چیرۆکێکی ریالیستە بە هەموو مانای زاراوەکە، بەڵام ریالیستێکی رووتوقووت و بێ کەنار، نا، بەڵکو ریالیستێکی گاڵتە جاڕییانە، پێشتر لە چیرۆکی کوردیدا ئەم جۆرە شێوازە ناو بەناو پێی نووسراوە، بەڵام پێ داگرتن لەسەر گاڵتەجاڕی بەو خەستییەی سەردانی سەرۆک، لە خەرمانی چیرۆکی کوردیدا، ئەگەر نەڵێم نەبووە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم شتێکی دەگمەنە.

«ئەگەر لاپەڕەکانی زەوییە بە یارەکەی شۆلۆخۆف، هەندێک جار گاڵتەو قۆشمەی پێوە دیار بێت، لەبەر ئەوەیە گەلی رووس لە کاتە هەرە سەخت و ناهەموارەکانیشدا خۆشەویستیی ژیان لەبیر ناکەن و دەست بەرداری قۆشمە نابن» (١٣) ئەلیزای خۆشەویستی (ئاراگۆن)یش لەوپەڕی کارەساتەکاندا، لەبەردەمی ئاوێنەکەیدا رادەوەستاو قژە زەردە زێڕینەکەی شانە دەکرد، (فازیل)یش لەم چیرۆکەیدا بەوپەڕی قۆشمەوە باس لە مەزنترین کارەسات دەکات.

هەردوو چیرۆکنووس مەم و خەزنەدار بۆ پێشوازی کردنی سەرۆک، یان راستتر خاوەن شکۆ، سەرو چیرۆکیان نووسیوە، بەڵام خاڵی یەکسان لە نێوان ئەو دوو چیرۆکەو «سەردانی سەرۆک»دا مەگەر تەنیا ناونیشانی چیرۆکەکان بێت. لە سەرەتای حەفتاکاندا دڵشاد مەریوانی بەراوردی لە نێوان هەردوو چیرۆکەکەی مەم و خەزنەداردا کردبوو، بێ ئەوەی ئەو کاتە دەرکی بەوە کردبێت، ئەدەبی بەراوردکاری تەرخانە بۆ بەراوردکردنی بەرهەمی دوو نووسەری سەربە دوو نەتەوەی جیاواز، کە یەکێکیان لە ژێر کاریگەرێتیی ئەوی دیکەیاندا بێت، یان کاریگەرێتیی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەیەک لەسەر ئەدەبی نەتەوەیەکی دی. یان کاریگەرێتیی ئەدەبی نەتەوەیەک لەسەر نووسەرێکی سەر بە نەتەوەیەکیی دی....تاد.

وەک وتم: «سەردانی سەرۆک» چیرۆکێکی ریالیستیی گاڵتە جاڕییانەیە، هەر بۆیە خوێنەر بە سانایی لە مەبەستی نووسەر تێدەگات و پێویستی بە خۆماندوو کردن نییە، دوورە لە رەمزو تەمومژەوە، جارێک نووسەر خۆی چیرۆکەکە لە رێی مەنەلۆژی ناراستەوخۆوە دەگێڕێتەوە، جارێکی دی سەرۆک دیسان هەر بەشێوەیەکی مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ نهێنییەکانی خۆی دەدرکێنێت. لەمەنەلۆگی ناڕاستەوخۆدا بەپێچەوانەی راستەخۆوە، رستەکان پڕ مانان و زنجیرەی سروشتیی خۆیان پاراستووەو نووسەر خوێنەر لەبەرچاو دەگرێت، راستە نووسەر مەلی بیری لە چلێ ئەم بابەتەوە، بۆ چلێ ئەو بابەت دەفڕێت، بەڵام مەسەلە سەرەکییەکە بەجێ ناهێڵێت، نووسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کە ئەم تەکنیکەی هەڵبژاردووە، لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو بە هوشیارییەوە پەنای بردۆتە بەر ئەم تەکنیکەو زیرەکانە لێی سوودمەند بووە. بۆ نیشاندانی ناخی دەروون و جۆری بیرکردنەوەو خولیاو ئاوات و ئارەزووە راستەقینەکانی کەسێک، چ تەکنیکێک ئەوەندەی مەنەلۆگ راستییەکان دەدرکێنێ. پاڵەوانەکە، کە بە تەنیا لە ناخی خۆیەوە دەدوێت، لاپەڕە شاراوەکانی دەروونی بێ ترس و شەرم و سڵەمینەوە دەخاتە روو.

چیرۆکەکە رەمزی تێدا نییە، تا لێک بدرێتەوە، لایەنی تاریک و نووتەکی تێدا نییە، تا پرۆژکتۆری تێ بگیرێت، لینین وتەنی: «کێک نییە بۆ کەمایەتی، نانە بۆ کرێکاران و جووتیاران» بەشێوەیەکی راستەوخۆو بە زمانێکی رەوان و راستگۆ باس لە ناخی دەروون و رەفتارو رابردووی سەرۆکێک دەکات، دەگونجێت سەرۆکی هەر وڵاتێکی دواکەوتوو بێت، بەڵام نووسەر بە راشکاوی بەشێک لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی دیکتاتۆرەکەی عێراق دەخاتە روو. فازیل باس لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتێک دەکات و ناخی دەروونی کاربەدەستە کارتۆنییەکانی وڵاتێک دەردەخات، کە تێیدا کەسی گونجاو، بێجگە لە شوێنی شیاوی خۆی، دەشێت لە هەر شوێنێکی دیکەدا بێت. باس لە وڵاتێک دەکات، (موزەفەر نەواب) چاکی پێکاوە کە وتوویەتی: «أوطن هذا أم مبغى؟».

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی (سەردانی سەرۆک) زمانی نووسینەکەیەتی، نووسەر هەندێک وشەو زاراوەی تێدا جێ کردۆتەوە، کە پێشتر لە چیرۆکی کوردیدا بەو زەقییە بەکار نەهێنراون، وەک: گەوادی سیاسی، یا دەسپەڕی سیاسی، کە دوور نییە خوێنەری کورد ئەم زاراوانە بەلایەوە شتێکی نەگونجاو بێت و وەک «ئاسکێکی سرک لە سێبەرەکەیشیان سڵ بکاتەوە». بەلای منەوە نووسەری دەست رەنگین دەتوانێت بۆ دزێوترین وشە، جێگە شیاوی خۆی بدۆزێتەوە. ئەم جۆرە وشانە بەدەگمەن لە ئەدەبی کوردیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، مەگەر جاروبار رەفیق سابیرو عەبدوڵڵا پەشێو(١٤) بە تووڕەییەوە، بەڵام راستگۆیانە رمی شیعرییان لە سنگی بۆرژوا و داگیرکەرانی کوردستان چەقاندبێت.

لە ئەدەبی عەرەبیشدا (موزەفەر نەواب) یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵام بەوپەڕی داهێنانەوە

www.kurddistannet.org

جنێوی ئەدەبی بەرەو رووی سەرکردە عەرەبەکان دەکاتەوە کە پڕ بە پێستیانە:

القدس عروس عروبتكم
فلماذا ادخلتم كل زناة الليل الى حجرتها ؟
وسحبتم كل خناجركم و تنافختم شرفا
وصرختم فيها ان تسكت صونا للعرض
فما اشرفكم
اولاد القحبة هل تسكت مغتصبة!*
«وتريات ليلية»

خوێنەر هەمـوو ئەم جۆرە ئەدەبەی پێ قـووت ناچێت، بەڵام «نووسەر: نابێت وەک ناتورالیستەکان لە واقیعدا بتوێتەوە، یان وەک (مۆدێرنیستەکان) خۆی لە واقیع دوورە پەرێز بگرێت، دەبێت لە سەروو واقیعەوە بێت و ببێتە سەروەری واقیع،» (١٥) هەمیشە لە پێش خوێنەریشەوە بێت.

زۆرجار نووسەری بۆرژوا وەک گەنجێکی سەرچڵ، لە خانەوادەکەی خۆی یاخی دەبێت و رەخنە لە بۆرژواکان دەگرێ، بەڵام زۆری پێ ناچێت بۆ ئامێزی خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە نووسەرانە بێ ئەوەی نەخشەیان بۆ کێشا بێت، دژی دیاردە دزێوەکان قسە دەکەن، یان دەکرێنە قۆچەقانی بەدەست منداڵی ئەم باڵی بۆرژواوەو بەردیان بۆ ماڵی ئەو باڵی بۆرژوا پێ دەهاوێژرێت، فازیل لەو جۆرە نووسەرانە نییە، بەڵکو میشیل بیتۆر وتەنی: بۆیە دەنووسێت، بڕبڕەی پشت بە ژیانی بدات و یەکێکە لەوانەی وەک ئێنگڵس وتوویەتی: هەر کە ویستی بێتە قسە، هیچ حزبێک، لە هیچ وڵاتێک ناتوانێت بێدەنگی بکات.

لە چاوپێکەوتنێکدا (عەبدولوەهاب بەیاتی) وتبووی «من لە هیچ ئەدیبێک دڵنیا نیم، ئەوی ئێستا خاوەنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیە، چەند ساڵێکی دیکە کۆیلەی فلان رژێمە.» ئەوی (بەیاتی) وتوویەتی یاسا نییە و بۆ هەموو ئەدیبێک راست نییە، مێژووی ئەدەبی گەلان و گەلی کوردیش پڕە لە نموونەی نووسەر و شاعیری شۆڕشگێڕ، لەو چەشنەی هیچ ستەم و بەرژەوەندییەکی تایبەتی سەری پێ نەوی نەکردوون.

گابریل گارسیا مارکیز لە هەردوو رۆمانی (پاییزی پەتریارک) و (کەس نییە کۆلۆنێل نامەی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە)دا، باس لە ژیان و رەفتارو دەروونی سەرکردەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین دەکات و لە هەمان کاتدا بە پشوویەکی درێژو بە تێکەڵ کردنی بابەتی ئەفسووناوییەوە، بەسەرهاتە تراژیدییەکانی گەلانی ئەمەریکای لاتین دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی «سەردانی سەرۆک» بە شێوازێکی جیاواز لە شێوازی مارکیز نووسراوەو کورتە چیرۆکە نەک رۆمان، بەڵام مارکیز کورتە چیرۆکیشی لە هەمان بابەتدا نووسیوەو لەسەرجەمی ئەو بەرهەمانەیدا کە باس لە دیکتاتۆرەکان دەکات، رووناکی دەخاتە سەر بچووکترین لایەنی ژیان و نووتەکترین کونجی دەروونی نەخۆشی سەرکردە تێرۆریستەکان. ئالێرەوە مەسەلەی دەستنیشانکردنی کاریگەرێتیی مارکیز لەسەر فازیل سەر هەڵدەدات، ئەگەرچی کاریگەرێتییەکە بەو زەقییەش نەبێت، چونکە (فازیل)یش ئەوەندەی کورتە چیرۆک مەودا بدات تایبەتمەندییە دەروونی و دەرەکییەکانی دیکتاتۆرە تێرۆریست و سادیستەکەی بەغدای خستۆتەروو.

دیمترۆف دەڵێت: «بۆرژوای شۆڕشگێڕ لە سەردەمی خۆیدا دەستی دایە خەباتێکی سەخت لە پێناوی مەسەلەی چینەکەیدا و هەموو شێوازێکی بۆ مەبەستی خۆی بەکارهێنا، کە یەکێکیان ئەدەب بوو، چی وای کرد پاشماوەی سوارچاکی ببێتە هەوێنی پێکەنین؟ دۆنکیشۆتی سێرڤانتس.

دۆنکیشۆت بەهێزترین چەک بوو بە دەستی بۆرژواوە لە خەباتیدا دژی فیودالیزم و ئۆرستۆکراتیزم. پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیش لایەنی کەم پێویستی بە سێرڤانتسێکی بچووکی قۆشمەچی هەیە، کە بتوانێت ئەو چەکەی بداتە دەست.» (١٦)

چیرۆکی سەردانی سەرۆکیش هەوڵێکە بۆ بەدناو کردن و ریسواکردنی دۆنکیشۆتە هاوچەرخەکەی بەغدا، لەوە دەچێت بەراورد کردنی ئەم کورتە چیرۆکەو ئەو شاکارە شتێکی نەگونجاو بێت، بەڵام (فازیل)یش دەیەوێ هەمان رۆڵ بۆ چینەکەی خۆی ببینێت.

فازیل هەندێک جار ناوی بێگانەو نامۆ وەک: پێگاڵ و سۆهۆ، لە چیرۆکەکانیدا دەردەکەون، کە بابەتی چیرۆکەکان ناچاری دەکەن هانایان بۆ ببات، نەک وەک هەندێک کوڵکە نووسەر کە پێیان وایە، تا وشەی نامۆ زیاتر بەکاربهێنن، فراوانیی رۆشنبیریی خۆیان دەسەلمێنن، هەمزاتۆڤ پێی وایە، نووسەر، قاچاخچی نییە، شتومەکەکانی تا لە دوورترەوە بهێنێت، قازانجی زۆرتری لێ بکات، ئەمە بۆ نووسەر بە زیان دەگەڕێتەوە، بۆیە نووسەری رەسەن تا بۆی بکرێت خۆی لە وشەی نامۆ بە دوور دەگرێت.

* * *

چیرۆکی «ئەفسانەی گەڕانەوە» باس لە جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەگەر نەڵێم بە تەواوی هەڵوەشاوەتەوەو جێگەی بۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر چۆڵ کردووە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە گیانەڵادایە. بابەتی چیرۆکەکە باسی کێشەی نێوان جووتیارانی گوندێکی کوردستان دەکات، کە لە سەرێستانێک لێیان دەبێتە شەڕی دەستەویەخە، پاڵەوانی چیرۆکەکە هەست دەکا سووکایەتی پێکراوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و وەک بە ناونیشانی چیرۆکەکەوە دیارە هەرگیز ناگەڕێتەوە، دەشێت بەسەرهاتی چیرۆکەکە روو دابێت، بەڵام ئاخۆ هەموو رووداوێک دەکرێتە هەوێنی

www.kurddistannet.org

چیرۆکێکی سەرکەوتوو؟ سەراپای چیرۆکەکە لە دەوری کەسێک دەسووڕێتەوە کە لەگەڵ ڕوو بەڕوو بوونەوەی یەکەمین کۆسپدا ورە بەردەدات و گۆڕەپانەکە بۆ ناحەزەکانی چۆڵ دەکات.

«لای فۆکنەر چیرۆک واقیعێکی ئەفسانەیی پڕ مانا بەخۆیەوە دەگرێت و هەر ڕووداوێک واتایەکی تایبەتی دەبەخشێت و مێوی ڕووداو خۆی لە داڵێتی ئەفسانەوە دەناڵێنێت.» (١٧) ئەفسانەی گەڕانەوە، لەوە ناچێت ڕەمزو ئەفسانەی تێدا بەکارهێنرابێت، نەک هەر ئەمە، وەک ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی فیودالیدا، ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان جووتیاران و خاوەن زەوی و زارەکاندایەو ئەو دوو چینە هەردوو جەمسەری کۆمەڵگەی فیودالی پێکدەهێنن. ئەگەر نووسەر لەم قۆناغەدا کە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەروەرە، پاڵەوانەکەی جووتیارێکی شۆڕشگێڕیش بێت، هەر پاڵەوانێکی ئیجابی نابێت، پاڵەوانی ئیجابی لە قۆناغی سەرمایەداریدا، کرێکارێکی کۆمۆنیستە. ئەگەرچی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە جووتیارێکی بەزیوەو کێشەکەشی لەگەڵ دوژمنە چینایەتییەکەی خۆی، واتا خاوەن موڵکدا نییە.

جیهانی ناماقووڵی کافکا. لەسەر کەرتکردنی واقیع ڕاوەستاوەو کافکا پاڵەوانەکانی لە هەموو بەرپەرچدانەوەیەکی سروشتی بە دوور دەگرێت، هەردوو پاڵەوانی «مەسەلەکە»» و «تەلار» لە زۆر بواردا لە کەسانی ئاسایی دەچن، تەنیا لەیەک شتدا نەبێت، کاردانەوەیان، لە کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی ناچێت، مرۆڤێکی بێ دەسەڵاتن لە جیهانێکی ناماقووڵدا. (١٨) پاڵەوانی ئەفسانەی گەڕانەوە یەکێک لە سەرەکیترین سیماکانی پاڵەوانەکانی کافکای پێوە دیارە، ئەویش بێ دەسەڵاتی و ملکەچ کردنە بۆ واقیع، بەڵام کوڕی پاڵەوانەکە دواجار هەڵوێستی باوکی ڕەت دەکاتەوەو لە چاوەڕوانی کردنێکی بێ هوودەدا ناژی.

وەک چۆن چیرۆکنووس دەتوانێت بەشێک لە بیروڕاکانی خۆی لە ڕێی پاڵەوانە سەرەکییەکەیەوە، دەربڕێت، هەروایش دەتوانێت لە ڕێی ڕەتکردنەوەی بیرو ڕەفتاری پاڵەوانەکەیەوە هەمان کار مەیسەر بکات، هەروەها دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت لە ڕێی پاڵەوانێکەوە، کە لە چیرۆکەکەدا پانتاییەکی کەمی داگیر کردبێت، دەری ببڕێت، ئەگەرچی تەواوی جیهانبینی نووسەر لە ڕێی ئەم یان ئەو پاڵەوانەوە خۆی بەدەستەوە نادات و کارە ئەدەبییەکە بە هەموو لایەن و دووری و ڕووداوو ڕەفتارو ناخی پاڵەوانەکانییەوە ئەو سەرەنجامە بەدەستەوە دەدات، کە چیرۆکنووس دەیەوێت و ئەو جیهانە وێنە دەکێشێت کە نووسەر ڕەتی دەکاتەوە، یان هەوڵی بنیاتنانی دەدات.

نیکیتین دەڵێت: «دەوڵەمەندێتی گەلی کورد لە فۆلکلۆردا بۆ بڵاوبوونەوەی فراوانی نەخوێندەواری لە نێوانیدا دەگەڕێتەوە.» (١٩) ژنی پاڵەوانی چیرۆکەکە وەک ئافرەتێکی نەخوێندەوار کە لەسەر زەمینەی فۆلکلۆر ڕاوەستاوەو «فیکری ئایینیش داوای لێدەکات بە تێڕامانەوە سەرنجی جیهان بدات و نەبزوێت و مل بۆ فەرمانی خوا کەچ بکات،» (٢٠)

ناتوانێت لەو جیهانە خەیاڵاوییە ڕزگار ببێت و یەک هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵناهێنێت، نووسەر باس لە واقعێک دەکات کە نە دەکرا ڕۆڵێکی لەوە گرنگتر بداتە ئەو ئافرەتەی ئەفسانەو ئایین و چیرۆکی گوێ ئاگردان سەراپای بیریان داگیر کردووە، تەنیا ئەوە لەو ئافرەتە چاوەڕێ دەکرێت، دەست بەرداری منداڵەکانی نەبێت و لە ئامێزی خۆی بێ بەشیان نەکات.

(کرۆچە) ڕەخنەگری ناوداری ئیتالیایی پێی وایە: «دوا توانای ڕەخنەی ئەدەبی بۆ لابردنی دیوارەکان لە نێوان نووسەرو بەرهەمەکەی و خوێنەردا تەرخانە.» (٢١) ڕاستە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام تەواوی ئەرکەکانی نییە. پێم وایە ئەفسانەی گەڕانەوە هیچ دیوارێکی لە نێوان خۆی و نووسەرو خوێنەردا هەڵنەچنیوەو یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە وەک هونەری چیرۆک نووسین زۆربەی مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتووی تێدایە و لەگەڵ ئەوەیشدا خوێنەر لە کرۆکی چیرۆکەکە تێدەگات، ئەمەش لایەنێکی گەشی بەرهەمەکەیە.

ئەگەر بیکیت لە «لە چاوەڕوانی گۆدۆدا» هەموو دەرگاکانی ڕزگاربوون لەبەردەم مرۆڤدا دادەخات و لە بازنەیەکی داخراودا بەندی دەکات و ئاڵای سپیی چاوەڕوانی کردنێکی بێ هوودەو ملکەچکردنی دەداتە دەست، ئەوا لە «مالۆن دەمرێت»دا بێزارانەتر لەسەر زاری پاڵەوانەکەی بەشێک لە بیری خۆی دەخاتە ڕوو: «نەخێر بەختیارنیم، هیوادارم هەرگیز کۆتایی بەشەو نەیەت و ڕۆژ نەبێتەوەو خەڵکی نەڵێن: ژیان بەردەوامەو پێویستە لێی سوودمەندبین، بە هەرحاڵ گرنگ نییە لە دایک بم یان نەء، بژیم یان نەء، گیانبدەم...» ، بەڵام نازم حیکمەت دەڵێت: «هاوڕێم ژیان شتێکی جوانە.» - ئەم وتەیە گەورەترو بەرینتر دەبێت، ئەگەر ئەوە بزانین کە نازم حیکمەت چوار یەکێکی ژیانی لە زینداندا بەسەر بردووە- هەر بۆیە داوای لە محەمەدی کوڕی کردووە لە جیهاندا وەک کرێچی نا، بەڵکو وەک کەسێک کە لە ماڵی باوکیدا بێت ڕەفتار بکات. (٢٢) (فازیل)یش بەپێچەوانەی بیکیت و بە شوێن هەنگاوی نازمدا، کوڕی پاڵەوانەکە لە بازنەی دۆزەخی چاوەڕوانی کردنێکی بێ هوودەدا ناهێڵێتەوەو لە قاوغی بیری گەڕانەوەی گۆدۆی باوکیدا قەتیسی ناکات، بەڵکو ڕۆڵێکی وای پێ دەبەخشێت کە لە ژیاندا خۆی بە خاوەن ماڵ بزانێت و بیر لە داهاتوویەکی ڕووناک بکاتەوەو هەنگاو بداتە وتەکانی.

ئایا هەموو هەڵاتنێک لاوازییە؟ هەموو خۆ کوشتنێک ورە بەردان و ترسنۆکییە؟ هەڵاتنی بریخت و ئانا سیگەرز لە

www.kurddistannet.org

ئەڵمانیا و مزەفەر نەواب و سەعدی یووسف لە عێراق و حەسەنی قزڵجی و جگەر خوێن لە کوردستان، لە لاوازییانەوە بووە؟ ئەو ئافرەتەی ماوە نادات سەربازی لەشکری داگیرکەر پەلاماری بدەن و خۆی دەکوژێت ترسنۆکە؟ فاتیح کە لە زانکۆی سلێمانیدا دوای ئەوەی پیاوانی رژێمی دایە بەر رێژنەی گوللە، خۆشی کوشت، ترسنۆک بوو، یا قارەمانێکی راستەقینە؟ هەڵوێستی رەشەی برا خاسی پاڵەوانی ئەفسانەی گەڕانەوە، ئەگەرچی بیانووی خۆشی هەیە، بەڵام لەو هەڵوێستانە نییە، رەشەی برا خاس، نازم حیکمەت نەبووە، بەڵام واقیع لە گۆڕانیدا کورێکی لەو جۆرەی پێ بەخشیوە کە نازم هەوڵی پەروەردە کردنی داوە، ئەمەیش نە رێکەوتەو نە زادەی خەیاڵێکی نەخۆشەو نە گەشبینییەکی ساویلکانە.

نووسەر توانیویەتی سەرکەوتووانە بە ناخی پاڵەوانەکانیدا- بەتایبەتی ئافرەتەکە- شۆڕ ببێتەوەو تەواوی جیهانبینی ئەو ئافرەتە بخاتەڕوو، بەڵام پاژنەی ئاشیلی چیرۆکەکە ئەوەیە، نووسەر هەندێک وێنەی شیعری و بیروڕای وای لەسەر زاری ئەو ئافرەتە نەخوێندەوارە دەربڕیوە کە چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت و بە زەقی دیارە ئەو وێنە شیعری و بیروڕایانە قسەی نووسەرن، نەک ئافرەتێکی نەخوێندەوار: «تاکەی تارای نەهێنی و ترس لە خۆت دەئاڵێنی و سۆزو خۆشەویستی دەخنکێنی؟ تۆ دەتویست هێزو لەشکری شەوەزەنگ بتارێنی، هەموو وەرزەکانی ساڵ بکەینە بەهار...».

گۆرگی دەڵێت: «جارێک چیرۆکی- گا-م بۆ تۆلستۆی دەخوێندەوە، سەبارەت بەوەی کە شارەزای وازی کردنم بە وشە، ستایشی کردم، بەڵام پاشان وتی: تۆ وشەکان بە چاکی لە جێگەی خۆیاندا بەکار ناهێنی، هەموو جووتیارەکانت زیرەکانە قسە دەکەن.» (٢٣)

* * *

ئەگەرچی چیرۆکی «ئەفسانەی گەڕانەوە» و چیرۆکی «یاسای کارگەی تەنەکە» باس لە دوو قۆناغی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکەن، بەڵام مەسەلەی نامۆ بوون لە هەردووکیاندا رەنگی داوەتەوە. رەشەی برا خاس لە کۆمەڵگەیەکی فیودالیدا، خۆی تاک و تەنیا دێتە بەرچاوو نامۆ بوون هەرەسی پێ دەهێنێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت، «مەلا جافر»یش لە کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندووی سەرمایەداریدا، جگە لە دوورە ولاتی، کاتێک وەک کرێکارێک خۆی لە کارگەیەکی مەزندا بەرامبەر ئامێرەکان دەبینێتەوە، هەستی نامۆ بوون دای دەگرێت. کە کرێکار لەبەر درێژەدان بە ژیانی و دوور لە خواست و ئارەزووی خۆی و بەهۆی دابەشکردنی کارەوە، ناچار دەکرێت ببێتە ئامێرێکی گچکە لە کارگەیەکی زەبەللاحدا، کە کالایەک بەرهەم دەهێنێت و خۆی نابێتە خاوەنی، کە هەوڵ دەدەن لە مرۆڤەوە بیکەن بە شتێکی بێ هەست، وەک هەر شتومەکێکی دیکە، کە توندوتیژی فشاری کار، ئەوەندە وەک لەش شەکەتی دەکەن و وەک دەروون ئازاری دەدەن، دەشێت هەندێک جار وەک مۆرسۆی پاڵەوانی نامۆی کامۆ بەرامبەر خۆشەویستەکەشی بێزارانە رەفتار بکات.

«راستە شانۆنامەی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، رەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤەو باس لە دیاردەی داماڵین و نامۆبوون و بوونە شتومەکی مرۆڤ دەکات، بەڵام پیکیت تەنیا لایەنێکی واقیع دەبینێت و رەخنەی لێ ناگرێت و رەتی ناکاتەوەو لێی تێپەڕ ناکات و وەک نامۆیەک باس لە نامۆ بوون دەکات» (٢٤)، بەڵام مەلا جافری پاڵەوانی «یاسای کارگەی تەنەکە» لە دیدێکی جیاوازەوەو بە هۆشیارییەوە لە نامۆبوون دەڕوانێت. مەلا جافر لایەنی کەم دووجار دووچاری نامۆبوون بووە، جارێک بەهۆی دوورە ولاتییەوە، جارێکی دی وەک هەر کرێکارێکی دی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بەڵام نەهاتووە ڤایرۆسی بیری تەسکی نەتەوایەتی بلاوبکاتەوە، ئەوەندەش بێزار نەبووە کە بڵێت: «ئەوی بە خاکی ولاتەکەمەوە دەمبەستێتەوە تەنیا پێلاوەکەمە.» مەلا جافر لە - ولات-ەکەی - خۆی-شیدا هەستی بە نامۆبوون کردووەو کوێخایەتی رەتکردۆتەوەو ناچار کراوە بەجێی بهێڵێت، بۆیە لەو تێڕوانینەوە کە کرێکاران ولاتیان نییە دەشێت وەک برێخت بە تووڕەییەوە بڵێت: «ولاتێک دەگۆڕم بە ولاتێکی دی، وەک چۆن پێلاوێک دەگۆڕم بە پێلاوێکی دی».

فازیل لە کارگەیەکی ولاتێکی سەرمایەداری پەرەسەندوودا، سەرەڕای کرێکارانی ولاتەکە خۆی، کرێکارانی سەر بە چەندین نەتەوەی جیاوازی کۆکردۆتەوەو پێوەندییەکی ئەنتەرناسیونالیستانەی لەنێوانیاندا هێناوەتە کایەوە، کە ئەمە مەرجێکی بناغەیی سەرکەوتنی مەسەلەی پرۆلیتارییە، ئەم کارەشی هونەرمەندانە ئەنجام داوەو ئاگاداری لەوە بووە چیرۆک دەنووسێت و پرۆگرام بۆ پارتێک دانارێژێت.

نووسەرێکی زایۆنیی دەڵێت: «کە نان لە نانەوایەک دەکڕم، هیچ مەبەستم نییە شارەزای مێژووی ژیانی نانەواکە بم، کە بەرهەمێکی ئەدەبیش دەخوێنمەوە، ئەوی بەلامەوە گرنگ نەبێت مێژووی ژیانی نووسەرەکەیەتی». بەلای منەوە مێژووی ژیانی نووسەریش گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە شتێکی ئاساییە ژیانی نووسەر لە بەرهەمەکانیدا رەنگ بداتەوە، (دیکنز) بەسەرهاتی ژیانی خێزانەکەی بەتایبەتی خۆی و باوکی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە، کە باس لە ژیانی منداڵێکی پشتگوێ خراو دەکات، منداڵێک هەر لە سەرەتاوە ناچار بوو بێت کار بکات، ئەمە رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی، چونکە (دیکنز) هەر لە منداڵییەوە لە کارگەی (وارین)دا خەریکی پێلاو بۆیاخ کردن بووە، کە باس لە ژیانی

www.kurddistannet.org

ناو بەندیخانە دەکات، بە ئاشکرا لەژێر کاریگەرێتیی ئەوەدایە، کە باوکی لەبەر قەرزاری دووچاری زیندان بووە، (دەیڤید کاپەرفیلد) و چیرۆکی دوو شارو ئومێدە گەورەکان و (ئۆلیڤەر تویست)، ئەزموونی ژیانی تاڵی خێزانەکەی (دیکنز)یان پێوە دیارە(٢٥).

چیرۆکی «یاسا...»یش بەشێک لە بەسەرهاتی نووسەرەکەی پێوە دیارە، مەلا جافری پاڵەوانی چیرۆکەکە پاش چەند ساڵێک پێشمەرگایەتی، ناچار بووە روو بکاتە هەندەران و لەوێ ببێتە کرێکار، کاتێک خۆی بەرامبەر ئامێرە زەبەللاحەکان دەبینێتەوە، دێن و دەچن و دەسوورێنەوە، بیری دەفرێت بۆ ئەو کاتەی پێشمەرگە بووەو کۆپتەری لێ پەیدا بووە، ئەو کاتە پێشمەرگە چەند لە ئاستی کۆپتەردا بێ دەسەڵات بووە، ئێستاش کرێکار بە هەمان شێوە لەبەردەم ئامێرەکاندا، بۆرژواکان تا بۆیان بکرێت نەک هەر دەیانەوێت بچووک و بێ توانای بکەن، بەڵکو دەیانەوێت بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئامێرەکانەوەو بیکەنە بەشێکی بێ هەست لە ئامێرەکان. نەک هەر سەراپای چیرۆکەکە ژیاننامەی نووسەرەکەی پێوە دیارە، بەڵکو پاڵەوانەکەشی کەناوی مەلا جافری بۆ هەڵبژاردووە، ئەمەش دەبەمەوە بۆ ئەوەی کە نووسەری چیرۆکەکە لە پێشمەرگایەتیدا بە مامۆستا جەعفەر ناسرابوو. مێژووی ژیانی نووسەر لەبەر مەسەلەیەکی دیکەیش هەر گرنگە، ئەویش ئەوەیە: نووسەری واش هەیە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا، مرۆڤێکە توند دەستی بە کڵاوەکەیدا گرتووە، کەچی پاڵەوانەکانی ئەوەندە شۆڕشگێڕن، گیڤاراش بە تۆزی پێیاندا ناگات.

پێش فازیل زۆر چیرۆکنووسی کوردی دی باسیان لە ژیانی کرێکاران کردووە، بەڵام کەمیان ئاوا لە نزیکەوە هەستیان بە ئازاریان کردووە، بەتایبەتی کرێکاری بە مانا هاوچەرخەکەی، واتا پرۆلیتاریا، ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، نووسەرەکە وەک هەر پرۆلیتارێکی دی خۆی کاری کردووەو لە سەروو ئەمەشەوە فازیل تەنیا لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ پرۆلیتاریا ناکرۆزێتەوە، بەڵکو خۆی یەکێکە لەوان و خەمی گەورەی ئەو چینەی بە کۆڵ داداوە.

مەلا جافر کە وەک «شوێن» دووچاری نامۆ بوون بووە، بەپێی ویستی خۆی دوورە - وڵاتی - هەڵنەبژاردووە، بەڵکو لە - نیشتمان-ەکەی خۆیدا هەلی مانەوەی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام وەک پاڵەوانەکانی چیرۆکنووسە عەبەسییەکان مل بۆ بارودۆخە سەخت و دژوارەکە کەچ ناکات و لەو دوورەپشەوە درێژە بە یاخیبوون و بەرەنگار بووەنەوە دەدات و دوورکەوتنەوەی لە (نیشتمان)ەکەی نابێتە هۆی دابڕینی لە رابردووی. فازیل - مەلا جافر - کە دەنووسێت، هەر نووسینەکانی شێوەیەکە لە شێوەکانی بەگژداچوونەوە، چونکە هەوڵی بێدەنگ کردنی دەدرێت. کە سیاسەت وەک هەورێکی تەنک بە ئاسمانی چیرۆکەکانی (فازیل)ەوە دیارە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەو راستییە تێگەیشتووە: «چارەنووسی هیچ کەسێک لە رووداو و لایەنە سیاسییەکان بە دوور نییە.» سەرەڕای ئەوەی ئەم خۆی لە نزیکەوە نەک هەر ئاشنای کێشەو رووداو و لایەنە سیاسییەکان بووە، بەڵکو لە هەناوی مەسەلە سیاسییەکانەوە، وەک نووسەرێک سەری هەڵداوەو یەکێکە لە قوربانییەکانی دەستی سیاسەت.

ستاندال پێی وایە «نووسین لەسەر خەڵکی فەرەنسا، بێ ئەوەی وایان لێ بکەیت باس لە سیاسەت بکەن، لێ سەندنەوەی پێناسنامەی فەرەنسایی بوونیانە» (شەمران یاسری)یش دەڵێت: «سیاسەت مەزەی عێراقییەکانە» دەشێت سیاسەت لە ژیانی خەڵکی کورددا زیاتریش خۆی بسەپێنێت، بەڵام ئالان رۆب گریێ «کە هەمیشە لە بەهای شوێن بڵندو لە بەهای مرۆڤ نزم دەکاتەوە» (٢٦)، دەڵێت: «ماقووڵ نییە بڵێین... بەرهەمەکانمان لە راژەی مەسەلەیەکی سیاسیدان، ئەگەرچی مەسەلەکە رەواش بێت» (٢٧). فازیل وەک ستاندال و بە پێچەوانەی ئالان رۆب گریێ پاڵەوانەکانی باس لە سیاسەت دەکەن، بەڵام لە چیرۆکەکانیدا ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە ئەم چیرۆکنووسەو سەروتار بۆ رۆژنامە نانووسێت، دەزانێت ژیان لە سیاسەت بەربلاوترەو مرۆڤ تەنیا بە سیاسەت ناژی، هەربۆیەش لە کورتە چیرۆکێکی وەک «یاسا...»دا لە دەرگای سیاسەتی داوە، بەڵام ئەوەندەی کورتە چیرۆک مەودا بدات ژیانی بەشێوەیەکی زیندوو وێنە کێشاوە.

گومانی ناوێت - بەرهەمی ئەدەبی بێجگە لە واقیع هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نییە - ئەم چیرۆکەش کاتێک هاتووە ژیانی کرێکارانی کارگەیەکی بەسەرکردۆتەوە، ویستوویەتی ژیانی کرێکاران لەناو تاریکستان و چڕە دووکەڵی کارگەوە بۆ بەر رۆژی رووناک بگوێزێتەوە. بەو مەبەستەی بارودۆخەکە بجووڵێنێت و هەست بورووژێنێت و ئەو راستییە بخاتە بەرچاو کە - ژیان دۆزەخێکی گەورەیە، بەڵام تەنیا بۆ هەژاران - ویستوویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشێت کە نامۆبوون وەک ئاگری کڵپە سەندووی دۆزەخێکی بەرین چوارلای کرێکارانی تەنیوەو ئەم جیهانە ئەگەرچی بە رووکەش لە هێمن دەچێت، بەڵام گڕکانێکی مەزن خۆی لە چیای ناخیدا حەشارداوە. فازیل دەیەوێ بڵێت: ژیان بەم شێوەیەی ئێستا مەحاڵە بەردەوام بێت و ئەو رۆژە بەرێوەیە کە پرۆلیتاریا لاقیان دەکەنە یەک لاق و شەقێکی توند لە تۆپی ئەم جیهانە هەڵدەدەن و جۆرە جیهانێکی وا پێک دەهێنن، کە مەلی بەختەوەری لەسەر چڵی هەموو درەختێکی دەخوێنێت. ئەوسا نامۆ بوون کە دەردێکی کوشندەی ئەم سەردەمەیەو ڤایرۆسەکانی شێوازی

www.kurddistannet.org

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بڵاوی دەکاتەوە بە یەکجاری شوێنەواری نامێنێت، ئەمەش لۆکاش وتەنی ئەرکی سەرەکی فەلسەفەکەی مارکسە.

نووسەر کە باس لە ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران دەکات، لە کرۆکی چەوساندنەوەی چینایەتی تێگەیشتووە، یەکێک لە پاڵەوانەکانی ئافرەتێکی بەتەمەنە، گرەی کارگە گوڵی ژیانی هەڵقرچاندووەو کچەکەشی کە هێشتا تەمەنی بیست بەهاری تێنەپەڕاندووە، لە هەمان کارگەدا کرێکارە. بۆرژواکان بۆ سەر لێ شێواندنی پرۆلیتاریا دەڵێن: کۆمەڵگەی ئێمە وەک ئۆتۆبیس وایە، ئەوی ئەمرۆ لەسەر کورسییەکی دیاریکراو دانیشتووە، سبەینێ جێگە بۆ کەسێکی دی چۆڵ دەکات، مەبەستیان ئەوەیە، ئەوی ئەمرۆ کرێکارە، دەشێت سبەینێ ببێتە خاوەن کارگە، بەڵام نووسەر دەرکی بەوە کردووە کە مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیاییدا باسی دەکات: بە دابەشکردنی کار، هەموو کەسێک لە بوارێکی دیاریکراوی داخراوی بەسەردا سەپێنراودا خۆی دەبینێتەوەو ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات. بەدەگمەن هەڵدەکەوێت کرێکارێک پێگەی چینایەتییەکەی گۆڕانی بەسەردا بێت، مەگەر بەسەر شۆڕکردن بۆ بۆرژواو بە ناپاکی کردن لە چینەکەی خۆی، ئەو کاتەش گۆڕانەکە بنەڕەتی نابێت و لە بازنەی کۆیلایەتی ڕزگاری نابێت.

نووسەر بەراوردێک لەنێوان ئەو ئافرەتانەدا دەکات کە بەهێزی بازووی خۆیان بژێوی بە چنگ دەهێنن و ئەوانەی هەر لە پێناوی ژیاندا پەنا دەبەنە بەر لەش فرۆشتن، وەک بۆی چووە، لە حاڵەتی یەکەمدا ئافرەتەکە لەشولاری لە ناوەختدا تێکوپێک دەشکێت، لە حاڵەتی دووەمیشدا دەروونی دەبێتە کەلاوە. گومانی ناوێت ئافرەت کە لە کارگەدا دووچاری چەوسانەوەیەکی سەخت دەبێت، یان ناچار دەبێت، لەشی بفرۆشێت، ئەم دوو دیاردە کۆمەڵایەتییە، هەردووکیان زادەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین. - ئەگەر قازانج ئەو تەنیا خوایەی بۆرژواکان دەیپەرستن و ژیانی ملیۆنانی بۆ دەکەنە قوربانی، - بە زەبری شەقی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە بارەگاکەی هێنرایە خوارەوەو وەک شووشەیەکی بۆش وردوخاش کرا، کە جیاوازی چینایەتی لە ئارادا نەماو نەک هەر بۆرژوا، پرۆلیتاریا وەک چین خۆشی لەناوبرد، کە کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی هاتە کایەوە، تەنیا ئەو کاتە چەوساندنەوە لەسەر ئافرەت نامێنێت و ناچار نابێت لە پێناوی درێژەداندا بە ژیانی لەشی هەراج بکات. ڕاستە ئێستا ژیان بۆ کرێکاران دۆزەخێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئافرەت لە ناوەندی دۆزەخەکەدایە، چونکە جگە لەوەی بواری کارکردن بۆ ئەو کەمترەو کرێی کارەکەی نزمترە، تا ئێستا لەناو خێزانیشدا - ئافرەت پرۆلیتارەو پیاو بۆرژوا. -

فازیل ئەم چیرۆکەشی دوور لەو خاکەوە نووسیوە، کە ئەڵوەند و سیروانی پێدا تێدەپەڕن، بەڵام ڕەنگدانەوەی خەم و خواستی هەموو ستەمدیدەکانی جیهان و ئەوانەشە کە لەو دوو ڕووبارە دەخۆنەوە، لای مەلاجافر پرد ڕەمزێکی مەزنە، هەربۆیەش لەو دوورەوە چیرۆکەکانی «پردن لەنێوان ئەوانەدا کە چارەنووسیانی مەبەستە» (٢٨)، ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگە لە هەموو نووسەرێکی ڕەسەندا.

چیرۆکی «یاسای کارگەی تەنەکە» وەک ناوەرۆک لەو بەرهەمانەیە مرۆڤ بۆ تێکۆشان لە پێناوی جیهانێکی نوێدا هان دەدات، کرێکاران بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کۆیلایەتی بانگ دەکات، کە باس لە واقیعێکی ناهەموار دەکات، بە مەبەستی ڕەخنە لێ گرتنی نییە، بەڵکو دەیەوێت گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆ ئەم کارەش ورەی چەوساوەکان بڵند دەکاتەوەو بۆ ڕاپەڕین هانیان دەدات. وەک شێوەش نووسەر توانیویەتی فیکری خۆی لە چوارچێوەیەکی هونەریی نوێدا دابڕێژێت، چیرۆکێک بنووسێت، لە ڕووی تەکنیکەوە کەلێنی تێدا نەبێت، ئەوەی وەک لایەنی هونەری پێویستە لەم چیرۆکەدا پشتگوێ نەخرێت و وەک داهێنانێکی هونەری بۆ نووسەرەکەی تۆمار بکرێت، ئەو پێوەندییە قووڵ و پتەوەیە لەنێوان سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکەدا، نووسەر ئەوەندە زاڵە بەسەر هونەرەکەیدا، هەر بەو ئاسانییەی باڵدارێک لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر دەفڕێت، ئەویش ئەوەندە ئاسان دەچێتە ناو بابەتەکەیەوەو پاش چنینێکی وردو هونەرمەندانەی لایەنەکانی و گەڕانەوە بەرەو سەرەتاکەی، دەرگا لەسەر چیرۆکەکە بە جۆرێک دادەخات، کە ئەو چیرۆکەو ئەو سەرەتایەی پێی دەست پێکراوە، هیچ کۆتایی پێ هێنانێکی دی هەڵناگرێت..

**کۆتایی ١٩٨٧ - سەرەتای ١٩٨٨**
**ئێران - شام**

### پەراوێزەکان

..........

**(١) ئەو شاعیرانەی چیرۆک دەنووسن. گۆڤاری بەیان.**

**- ئافرەت لە چیرۆکی کوردیداو کۆمەڵێ پرس. گۆڤاری نووسەری کورد.**

**- پاڵەوان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا. دووەمین دیداری چیرۆکی کوردی گۆڤاری کاروان.**

**- ئایا شێوە لە ناوەرۆک گرنگترە؟ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان.**

**- چەند نووسینێکی دیکەش.**

**(٢) الرواية الفرنسية المعاصرة، د. سامية احمد سعيد، عالم الفكر عدد/ ٢ - ١٩٧٢**

www.kurddistannet.org

(٣) ارضنا البكر، شولوخوف، ترجمة غائب طعمة فرمان مجلد٢.
(٤) الواقعية الاشتراكية في الادب والفن، ترجمة محمد مستتجير مصطفى، ص١٥٦
(٥) اسس الفلسفة الماركسية – المادية الديالكتيكية، اڤانا سيف، ترجمة عبدالرزاق الصافي، ص١١٥
(٦) سەرچاوەی چوارەم، ل١٠٠
(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢
(٨) لماذا لايكتب امين خان بالعربية؟، احمد عبدالمعطي حجازي، العربي ت١ – ١٩٨٢، ص٣٠
(٩) سەرچاوەی دووەم، ل١٣٧
(١٠) الطبيعة البشرية في فلسفة كارل ماركس، د. زكريا ابراهيم.
(١١) الواقعية الاشتراكية في الادب والفن، ترجمة: محمد مستجير مصطفى، ص١٢.
(١٢) هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە.
هەیە هی وایش کە فەرشی ژێر پێی ئاوریشمی گوڵزارە – گۆران–.
(١٣) ارضنا البكر، شولوخوف، ترجمة: غائب طعمة فرمان، ص٩.
(١٤) بە هیوام بە هەڵدا نەچووبم، پەشێو دەڵێت:
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن
ماری شیرین ژاریش هەیە
تەوری برای داریش هەیە
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن
گوێزان و موو برای یەکن
خوێن و زەروو برای یەکن.
(١٦) دراسات في الواقعية، جورج لوكاش، ترجمة نايف بلوز، ص١١٧.
(١٧) الرواية الفرنسية المعاصرة، د. سامية احمد سعيد، عالم الفكر، عدد ٤، ص(١٥ و ١٩٧).
(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٣).
(١٩) الشعر الغنائي الكردي، باسيل نيكيتين، دراسات كردية، عدد (١ – ٢)، ك٢ –٩٨٥، ص٤١.
(٢٠) مقالات حول تولستوي، لينين، ص٢٣.
(٢١) مفاهيم نقدية، رينيه ويليك، ترجمة محمد عصفور، ص٤٧٦.
(٢٢) هواجس في التجربة الروائية، حنا مينه، المعرفة، عدد ٢٢٩.
(٢٣) صور ادبية، مكسيم گوركي، ترجمة د. محمد عبدو النجاري، ص٣٥.
(٢٤) الرواية العربية بين الواقع والايديولوجية، محمود امين العالم، ص١٩.
(٢٥) صور السجن ومظاهره في روايات تشارلز ديكنز، د. نور شريف، عالم الفكر، عدد ١، ١٩٧١.
(٢٦) قصص من سورية، د. حسام الخطيب، المعرفة، عدد ٢٢٩، ص٦٧.
(٢٧) سەرچاوەی ٢٤، ل١٨.
(٢٨) لقاء مع غائب طعمة فرمان، الثقافة الجديدة، عدد ١٨٩، ايلول ١٩٨٧.

* شار دەبینم
دڵدارەکانی بە لقی ئاسنەوە هەڵدەواسێ.
** قودس بووکی عەرەبایەتیتانە
ئەدی بۆچی
هەرچی زیناکەرانی شەوە، خزاندتانە ژوورەکەیەوەو
هەموو خەنجەرەکانتان هەڵکێشاو
پۆزتان بە ئابڕووتانەوە لێداو
بەسەریدا نەڕاندتان:
بێدەنگ بە، با ئابڕوومان نەچێ!
سۆزانی دایکینە:
بێ بن کراو چۆن کڕ دەبێ!